لە داستانی مەهاباراتاوە

# مەرگی کریشنا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

### له‌ داستانی مه‌هاباراتاوه‌

# مه‌رگی کریشنا

تێکستی:

**جان کلۆد کارێر و ماری هێلێن ئێستیان**

خستنه‌سه‌ر شانۆ:

**پێته‌ر بروک**

وه‌رگێڕانی له‌ فه‌ڕه‌نسییه‌وه‌:

**مسته‌فا قه‌سیم**



سه‌رپه‌رشتیاری زنجیره‌ی شانۆی بیانی

**دانا ڕه‌ئووف**

ناوی کتێب: له‌ داستانی مه‌هاباراتاوه‌ – مه‌رگی کریشنا
تێکستی: جان کلۆد کارێر و ماری هێلێن ئێستیان
خستنه‌سه‌رشانۆ: پێته‌ر بروک
وه‌رگێڕانی له‌ فه‌ڕه‌نسییه‌وه‌: مسته‌فا قه‌سیم
بڵاوکراوه‌ی ئاراس– ژماره‌: ٦٣٠
ده‌رهێنانی هونه‌ریی ناوه‌وه‌: ئاراس ئه‌کره‌م
ده‌رهێنانی به‌رگ: مریه‌م موته‌قیيان
چاپی یه‌که‌م، هه‌ولێر– ٢٠٠٧
له‌ کتێبخانه‌ی گشتیی هه‌ولێر ژماره‌ (٧٤٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوه‌تێ

# مەرگی کریشنا و
# داستانی مەهاباهاراتا

دانا ڕەئوف

مەرگی کریشنا کە لە نووسینی جان کلۆد کارێر و هێلێن ئێستیانە، لە دوا بەشی داستانی مەهاباهاراتای هیندییەوە وەرگیراوە. پیتەر برۆک لە ساڵی ١٩٨٤ دا مەهاباهاراتا دەکاتە شانۆنامەیەکی پازدە سەعاتی و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایشی دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٣ دا پیتەر بروک دەگەڕێتەوە سەر ئەم داستانە و تەنیا دوا بەش و مەرگی کریشنای خواوەند بەسەر دەکاتەوە[١].

پیتەر بروک لە چەردەیەکی زۆر کورتدا، باسی زەمەنی داستانەکە دەکات و هەردوو نووسەری شانۆنامەکەش پێشەکییەکی درێژیان بۆ

(١) ئەم شانۆنامەیەی بەردەستتان بەرهەمێکی نوێیە و لەو داستانەوە ڕاستەوخۆ بۆ پیتەر بروک ئامادەکراوە، جگە لە زمانی کوردی تا ئێستا بۆ سەر هیچ زمانێکی تر وەرنەگێڕدراوە.



تێکستەکەیان نووسیوە. منیش بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لە لایەنەکانی داستانی مەهاباهاراتا و کریشنا پێشەکییەکی کورتم نووسیوە، بەو هیوایەی تیشکێکی زیاتر بخەمە سەر داستانی ماهاباهاراتا لەلایەک و شانۆنامەی مەرگی کریشناش لەلایەکی ترەوە[٢].

مەرگی کریشنا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لە پاریس و لەسەر شانۆی بۆف دی نور و لە ڕیژی پیتەر بروک پێشکەشدەکرێت و دواجار لە گەشتێکی هونەریشدا، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیدا نەمایش دەکرێتەوە.[٣]

## مەهاباهاراتا ... دەروازەیەک بۆ بینینی کریشنا

مەهاباهاراتا داستانێکی شیعریی گەورەی گەلی هیندستانە و لە هەمان کاتدا میتۆلۆژیایەکی مەزنی گەلانی خۆرهەڵات و دنیاشە. ئەم شاکارە بە زمانی سانسکریتی نووسراوە، بە درێژترین چیرۆکە شیعر دادەنرێت کە تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نووسرابێت و لە سەد هەزار بەیت زیاتر پێکهاتووە و لە هەژدە کتێبی گەورەدا کۆکراوەتەوە.

ئەم داستانە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا جێگای ڕامان و

(٢) بۆ نووسینی ئەم پێشەکییەی خۆم گەڕاومەتەوە سەر کتێبی (پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا) نووسینی دانا ڕەئوف و بە تایبەتیش ئەو بەشەی کە تایبەتە بە نمایشی مەهاباهاراتا.

(٣) من بۆ خۆم شانۆنامەی (مەرگی کریشنا)م دوو جار بینیوە، یەکەم جار لەساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی بەلجیکا و لە شاری لیۆڤن و لە سەنتەری شانۆی (یان ڤیلار)، دووەم جار لە ساڵی ٢٠٠٤ و لەسەر شانۆی بۆف دی نور لە پاریس.

لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان و ڕەخنەگرانی جیهان بووە. مەهاباهاراتا وشەیەکی کۆنی هیندییە و زوربەی نهێنییەکانی داستانەکەش لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، لە هەمانکاتدا وەک وشەیەکی لێکدراو ماناکانی ئەو داستانە دەدات بە دەستەوە: مەها بەپێی زمانە کۆنەکانی هیند و سانسکریتی مانای گەورە، یاخود گشتگر و تەواوەتی دەگەیەنێت. هەر لێرەوە تێڕوانینێکی گەورە یان بنەمایەکی گەورە سەرەتاکانی ڕووداوەکانی ئەو میتۆلۆژیایە بەجەستە دەکات. مەهابەهاراتاش بەمانای پادشایەکی زۆر مەزن دێت، پادشایەک کە دەسەڵاتی هەموو سنوورەکان ببەزێنێ و توانا و وزەیەکی خواوەندیی هەبێت، بەهاراتا زیاتر پێناسەیەکی ناوە ئەفسانەییەکان دەکات، ئەم ناونیشانەش بەخشراوە بە یەکێک لەو هۆزە گەورانەی دەسەڵاتیان لەو ناوچەیەدا هەبووە.

دەکرێت ئەو ناونیشانە بەم شێوەیەش بخوێنرێتەوە (مێژووی بەهاراتای گەورە و مەزن) یاخود (مێژوویەکی گەورە و مەزنی مرۆڤایەتی). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی وشەی (بەهاراتا) چونکە لە هەندێ خوێندنەوەی تردا مانای هیدۆ/ نەژاد یش دەگەیەنێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چەمکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، لە دیدێکی زۆر فراوانەوە دەبەخشێت.

مێژووی یەکەم دەستنووسی مەهاباهاراتا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەم یان پێنجەمی بەر لە لەدایکبوونی مەسیح. بەڵام ئەم داستانە دوا شێوازی کۆتایی و تەواوەتی خۆی بۆ ئەو دەمە ناگەڕێتەوە، بەڵکو دوای ئەو مێژووە بەردەوام لە حەوت یاخود هەشت هەزار ساڵی تردا،



داڕشتن و نووسینەوەی هەر بەردەوام بووە، تا سەدەی سێیەم یاخود چوارەمی دوای لەدایکبوونی مەسیح. لەو مێژووە بەدواوە مەهاباهاراتا زیاتر فۆرم و شێوازێکی کۆتایی و تەواوەتی لەخۆ گرتووە.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە کە بەدرێژاییی مێژووی نووسینی ئەم داستانە، بەپێی هەرێم، ترادیشون، خوێندنەوەی جیاواز، یان بەپێی گرووپی ئەو نووسەرانەی کە داستانەکەیان نووسیوەتەوە، گۆڕانکاری بەسەر سترکتور، ناوەڕۆک و بونیادەکانی داستانەکەدا هاتووە.

## چیرۆکەکانی مەهاباهاراتا

چیرۆکەکانی مەهاباهاراتا کۆمەڵێ بەها و پێگەی گرنگی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئاکاری، فەلسەفی و ئاینی لەخۆ دەگرێت. هەروەها وێنەیەکی دژوار و ڕاستەوخۆی دەسەڵات و فەرمانەکانی پادشایەتی، بە هەموو بوارەکانیەوە لە مێژوویەکی دوور و درێژی مرۆڤایەتیدا، بەرجەستە دەکات.

مەهاباهاراتا وەک میتۆلۆژیایەکی چڕ و گەورە و بەربڵاو، مێژووی شەڕێکی دوور و درێژی خوێناوی لە نێوان دوو ئامۆزادا دەگێڕێتەوە: پانداڤاس، پێنج برا بوون، لەگەڵ کاریۆڤاس، سەد کەس بوون. ئەم شەڕی خێزانە لەسەر ئەوە بووە کە کامیان دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەو ناکۆکییەش بە جەنگێکی گەورە و خوێناوی کۆتاییی هاتووە، جەنگێکی وەها کە تێکڕا چارەنووسی جیهان و مرۆڤایەتی دەچێتە تەرازووی ئەو جەنگە خوێناوییەوە. لەم داستانە شیعرییەدا شازدە کارەکتەری سەرەکی هەیە، هەر یەک لەو کارەکتەرانە پێناسەیەکی

ئاشکرا و خودێکی چڕ و گران لەخۆ دەگرێت، هەر یەک لەو کەسایەتییانە ڕووداو و گێڕانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە، بێگومان ڕووداوی هەر یەک لەو کارەکتەرانەش بەشێکە لە ڕووداوە گەورە سەرەکییەکە.

## مەهاباهاراتا و چەمکەکانی جەنگ

لەم ڕۆژگارەماندا، بەهۆی بەربڵاوی و تواناکانی مێدیای سەردەمەوە، ڕۆژانە بە هەزارەها شێوە و شێواز جەنگ دەبینین: شانۆنامە، ڕۆمان، ڕێپۆرتاژ، فیلم، گەمەی کۆمپیوتەر... هتد، سەبارەت بە جەنگ و کارەساتەکانی جەنگ بەرهەم دەهێنرێت. ئەم تەوژمی میدیای جەنگە و لەم زەمەنی جەنگەدا، هەندێک جار تووشی نائومێدی، ڕەشبینی و تەنانەت داڕمانیشمان دەکات و بارێکی دەروونیی خراپ و نالەبار لەلای مرۆڤ دروست دەکات. بەڵام ئەو جەنگ و پێکدادانەی لە چیرۆک و بەسەرهاتەکانی مەهاباهاراتادا باس دەکرێن، یان ڕوو ئەدەن و بەرجەستەش دەکرێن، مەودا و فەلسەفەیەکی تر و جیاواز لەخۆ دەگرێت. جەنگەکانی مەهاباهاراتا ئەو هەست و سۆزە ڕەش و خەمۆکییەمان لەلا دروست ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، جەنگە خوێناوییەکانی ئەم داستانە دەمانخاتە بەردەم مانا و بنەما دژ بەیەکەکان، ستروکتوری ئاراستە جیاواز و دژایەتییەکان لە ئەتمۆسفێرێکی تردا کۆدەکاتەوە. مەهاباهاراتا ئەوەمان پیشان ئەدات کە خولانەوەی چەرخی زەمەن و مێژوو، کارەسات و ڕووداوە گەورە و دڵتەزێنەکان، بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت بەریان پێ بگیرێت، بەڵام



لەگەڵ هەموو چاووتروکانێکدا، دەکرێت بارودۆخێکی تر، جیاواز و نوێ، دەرگاکانی بەڕووی ژیان و مرۆڤایەتییدا بکاتەوە. ژیانیش دەکرێت لەدوای هەموو کەوتن و هەستانەوەیەک، بە باشترین شێوە ببرێتە سەر. مەهاباهاراتا ئەوەمان فێر دەکات کە بتوانین بژین، یارمەتی ئەوەمان ئەدات کە بەنێو چاخە ڕەشەکانی زەمەندا ڕێبکەین و لێیان تێ بگەین.

پیتەر بروک لەو پێشەکییە کورتەی ئەم کتێبەدا دەڵێت: (زەمەن ئەو چەمکە هەرە ئەبستراکت و گرنگەیە کە هزری ئێمە دەتوانێ تێی بگات، بەڵام نەمری و جاویدانی لەمێژە سنووری تواناکانمان تێ دەپەڕێنن.) گرنگیی گەڕانەوەش بۆ داستانێکی وەک مەهاباهاراتا، یان بۆ بەشێکی بچوکی ئەو داستانە و بەتایبەتی لە (مەرگی کریشنا)دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وانە مەزنەی کە لە مەهاباهاراتاوە فێری دەبین، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیاوازتر و هۆشمەندانەی چەمکەکانی زەمەن، بۆ ڕامان لە ئاکامەکانی شەڕ و بۆ خۆدۆزینەوە لەم زەمەنەی ئێستاماندا.

## مەرگی کریشنا

مەرگی کریشنا دوا بەشی داستانی مەهاباهاراتایە و لەم چارەسەرە مۆدێرنەشدا، گفتوگۆیەکی مەسەلە ئەزەلییەکانی زەمەن، مرۆڤایەتی، جەنگ، دەسەڵات و گەردوون دەکات. کریشنا بە هەڵە لەلایەن ڕاوچییەکەوە دەپێکرێت، بەڵام بەرلەوەی بمرێت، دەتوانێ ئەو منداڵە ڕزگار بکات کە لە سکی بێوەژنەکەی ئابەیمەێیسدایە. هەر لە ڕێگای

ئەم منداڵەشەوە هەموو بەسەرهاتەکانی ئەم چیرۆک و ڕووداوە گەورەیە ژیانی بەبەردا دەکرێت، سی و شەش ساڵ تێ پەڕیوە، پادشا کوێرەکە، گاندهەری و کونتی، لەگوێ ڕووبارەکاندا باسی ڕابردوو دەکەن. باسی ئەو جەنگە دەکەن کە هەرگیز بیریان ناچێتەوە. پادشا داوا لە ژنەکەی دەکات کە ئەو پەڕۆیەی بە چاوەکانیەوە بەستراوە، لابەرێت، دوای ئەوە هەرسێکیان دەچنە دارستانە ئاگراوییەکەوە و بەویستی خۆیان بەرەو مەرگی خۆیان دەڕۆن.

## کریشنا و کولتووری خۆرئاوا

کریشنا لەمێژە ئاشنایە بە کولتوور و ترادیشونی خۆرئاوا. زۆر جار کە کریشنا لەو وێنە وەهمییانەدا، وەک جەنگاوەرێکی بەهێز و توندوتیژ دەرکەوتووە، مەسیحییەکانی ئەوروپای ترساندووە.

هەمیشە لەنێوان هێزەکانی ئاسمان و زەویدا، ململانێیەکی گەورە و گێرمە و کێشەیەکی ناکۆتا و ئەبەدی هەیە، یان بە مانایەکی تر لەنێوان (هێزە ماتریالی و ڕۆحانییەکاندا.)

ڕۆڵی کریشنا لەنێوان ئەم دوو هێزەدا ئەوەیە کە هەر جارێک یەکێک لەم هێزانە هێرش دەکاتە سەر ئەوی تریان و دەیەوێت بەسەیدا زاڵ بێت، ئەوا کریشنا دێتە سەر زەمین و تەرازووی نێوانیان هاوسەنگ و ڕێک دەکاتەوە. کریشنا دێتە ناومانەوە تا ئەو ڕووناکییەی کە لە نێوانماندا هەیە، بپارێزێ.

ئەو مانا قووڵ و هێزە بێ سنوورەی کریشناش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کریشنا، لە یەک کاتدا خواوەندە و چارەنووسی گەردوونی



بەسەر شانەوەیە و لە هەمان کاتدا مرۆڤیشە، مرۆڤێک کە هەموو تواناکانی لە پێناوی ئەوەی بەر بە هەموو ئاژاوە و پێکادانەکان بگرێت، هەرچەندە زۆر باشیش دەزانێت کە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو کارەساتانە هەر ڕوو ئەدەن.

# سەرەتا

زەمەن ئەو چەمکە هەرە ئەبستراکت و گرنگەیە کە هزری ئێمە دەتوانێ تێی بگات، بەڵام نەمری و جاویدانی لە مێژە سنووری تواناکانمان تێ دەپەڕێنن.

بەپێی زانستی کۆنی هیندییەکان (کردەی زەمەن) سیفەتی داخوران و لەنێوبردنی هەیە. مێژووی گەردوون بەزنجیرە چاخێک تێپەڕ دەبێ و یەک بەدوای یەک دێن و ڕوودەدەن. یۆگاکان بێ ڕەحمانە لەچاخی زێڕینەوە دەچن بەرەو چاخی کاڵی، چاخی ڕەش و تاریک.

بەپێی ئەم ترادیسیۆنە ئێمە ئەلئان لەنێو چاخی کالیۆگا داین. چاخی تاریک. کاتێک خواوەندێک لەم چاخەدا بەرجەستە دەبێ، ڕێگایەکی تری لەبەردەم نییە، ناچار ئەویش دەبێ بچێتە نێو ئەو بزافە توندوتیژ و بێ بەزەییەوە. پەرجووی مەهاباهاراتا لەوەدایە کە لە ژێر ڕوخساری سەرنج کێشیەوە ڕێمان دەدات ئامێز بۆ تێگەشتنێکی تر بکەینەوە. قەدەر و تەهلوکەت ئەو مرۆڤە ناهاڕێ کە گوێبیستی دەکات، بەڵکو ئەو کەسە نوێ دەکاتەوە. تەنانەت لەسەردەمی کالیۆگاکانیش لە هەموو چرکە ساتێکدا ژیان خۆدەسەلمێنێ. کریشنا پێش ئەوەی



بێتەدنیاوە ئامادەیی هەبوو، دوای لەبەچاو ونبوونیشی هەمیشە لەوێ دەبێ. زەمەنیش ئیلیزیۆنێکە[1] لە دوا ئیلیزیۆنەکان.

پێتەر بروک

# پێشەکی

لە مەهاباهاراتادا، کە داستانێکی هیندییە و لەسەدەی پێنجەم یان شەشەمی پ. ز بەزمانی سانسکرێتی دەسکراوە بە نووسینەوەی، کارەکتەری کریشنا دەردەکەوێ. لەو داستانە ئەو وەکو کەسایەتییەکی کامڵ -راشد- دەبینرێ و دەبێتە هاورێ و دۆستی پانداڤا- کان. واتە هاورێ پێنج براکە و پشتگیری لەو شەڕەیان دەکات کە لە دژی کۆراڤا- کانی ئامۆزایان بەرپای دەکەن. بەڵام گشت ئەو چیرۆک و بەسەرهاتە پڕتام و چێژانەی پەیوەستن بەتافی لاوێتی بزێوی و جەسوورییەوە، وەکو نەوسنی و حەزی زۆرخۆری و گەمە عیشقبازییەکانی لەگەڵ گۆپیە سەرسوڕهێنەکان، کچانی پاسەوانی مانگاکان کە سەما و گەمەکانیان بەدەور و خولی کریشنا ئاگری ئێرەیی لای ڕاهدا خۆش دەکرد، هەموو ئەمانە دواتر لە چوارچێوەیەکی تردا کۆدەکرێنەوە و وێنا دەکرێن.

لە مەهاباهاراتادا کریشنا دوو جار ڕوخسارە گەردوونییەکەی ئاشکرا دەکات. هەروەها گۆرانیی بەختەوەران بە ئارجیونای هاورێی دەبەخشێ. ئەمەش ڕێک پێش دەسپێکردنی ئەو جەنگە مەزنەیە کە



دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەو داستانەوە.

(بهاگاڤاد- جیتا) واتە گۆرانیی بەختەوەران، واتە ڕێنومایییە خواوەندییەکان، زانیارییە بەرزەکان کە ڕێنومایی کردارێکی ڕاستگۆ دەکەن بەدەر لە گوێدان بە دەرئەنجامەکانی ئەو کردارە. پاشان بەرەبەرە لە میانەی ئەو شاکارە شیعرییەوە وەکو ئاڤاتار- ێک، خواوەندی ڕاگری گەردوون، خۆدەنوێنێ. واتە وەکو خواوەندێک لە وەچەی ڤیسیەو- وە کەوتبێتەوە و دابەزیبێ بۆ سەر زەوی. لەترادیسیونی هیندیدا دوای ڕامای خواوەند کریشنا هەشتەم ئاڤاتارە و تا ئەو کاتە بەو شێوەیە بەدوا خواوەندی ناسراو دەمێنێتەوە.

کەواتە لەگەڵ ئەوەی کریشنا زۆرجار بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەو داستانەدا بزرە بەڵام دەبێتە کارەکتەرێکی سەرەکی. فۆرمێکی دونیایی لەبەرخۆدەنێ بەمەبەستی ئەوەی بێت بەهانای (دهارما) وە، یان ڕەنگە بۆئەوەی بیەوێ دەرفەتێک، شانسێک بە ژیان بەهەموو ژیان ببەخشێ بۆ ئەوەی بە جاویدانی بمێنێتەوە. لە ڕاستیدا جەنگەوەران لە هەردوو بەرەکە خاوەن چەکێکی وەها کاریگەرن کە دەتوانن کۆتایی بە هەموو جۆرە ژیانێک لە گەردووندا بهێنن. بەتەنها فێڵەکانی کریشنا، کە بەفێڵی باڵا ناسراون، دەتوانن مەترسی کاریگەری ئەو چەکانە لاتەریکەن. ئەو جەنگێکی بەربڵاو بەرپادەکات کە پیاوانی ئەو جەنگە و تەنانەت دۆستەکانیشی لە ماناکەی تێ ناگەن. لەپێناو بەئاکام گەیاندنی درۆ و مانۆڕەکان هەندێ جار بەبێ هیچ جۆرە بەزەیەکی بەرچاو دەجوڵێتەوە. کوڕی نزیکترین دۆستەکانی ڕەوانەی

مەرگ دەکات. پاڵپشتی سەرکەوتنی پانداڤاکان دەکات و پاشان یودیشتەیرای براگەورەی پێنج براکە دوای سێزدە ساڵ لە دوودڵی ڕەفزکردن ئەنجام قایل دەبێ تاجی شاهانەی لەسەرنێن.

زەوی هەناسە هەڵدەکێشێ، ژنان لاشەکان دەنێژن، مەملەکەتی هاستیناپورا سەردەمێکی ئاشتی و بوژانەوە بەخۆوە دەبینێ. بەڵام ئەم سەردەمە لەنێو زەمەندا سنورکێش کراوە. لە سی و شەش ساڵ زیاتر بەردەوام نابێت. (ژمارە دیاردەیەکی ڕەمزی تایبەت پێشکەش دەکات و زۆری دەوێ لێرە شیتەڵ بکرێ.) لە کۆتایی ئەو سی و شەش ساڵەدا ڕێڕەوی ئاسایی ژیان دەسپێ دەکاتەوە. ڕێڕەوێک ژیان بەرەو سەردمێکی تاریک، سەردەمی وێرانکارییەکان، سەردەمی کالیۆگا دەبات وەیچ شتێ ناتوانێ خۆی لەژێر چنگی دەربازبکات. خودی کریشناش پاش کۆتایی جەنگ بۆ شاری دڤاراکا دەگەڕێتەوە و لەوێ نیشتەجێ دەبێ و هەر لەوێ دەمرێ. بەشێوەیەکی کورت و کوتوپڕ دەمرێ. داستانەکە زۆر بەکورتی و لە چەند دێریکیدا ئاماژەی بۆ دەکات. لە ترادیسیونی هیندیدا ئێدی لەو ڕۆژەوە چاخی کالیۆگا دەس پێ دەکات و هەر بەردەوامیشە تاکو ئەم ڕۆژگارەی ئێمەشی تێدا نقوم دەبێ.

لەم دەقەی ئێمەدا، پاش ئامادەکردن و بەفلیمکردنی، بێگومان مەرگی کریشنامان هێشتووەتەوە، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو ڕووداوانەیی دەکەونە نێو ئەو سی و شەش ساڵەوە پەراوێزکردوون. پاش قڕکردنی تەواوی کۆڤاراکان، پانداڤاکان کە بێبەرین لە نەوە و ناتوانن وەچە بخەنەوە، بەتەنها و بەبێ ڕکەبەر دەمێننەوە. بەم جۆرە





کرداری سەرەکیی جەنگ بەئاکام دەگات.

ئەوەی دەمێنێتەوە سەبارەت بەکارەکتەرەکان و خودی کریشنا ئەوەیە کە ئیتر پیر دەبن و (بێ ئەوەی هەرگیز بتوانرێ بزانرێ تەمەنیان چەندە) لەکۆتایی چیرۆکەکە لەبەرچاو ون دەبن.

بەڵام لە کاتی خوێندنەوەمان بۆ دوا گۆرانییەکانی نێو ئەو داستانە تێبینی هەندێ حاڵەت و ڕووداومان کرد کە دەکرێ بەکرداری سانەوی یان لاوەکییان ناو ببەین، وەکو چیرۆکی (یوتانکا) کە زۆری سەرنج ڕاکێشاین. ئەمانە ئەو ڕووداو حاڵەتانەن کە لە (مەرگی کریشنا) دا دەیانوروژێنین. کارەکتەرێک بێ ئەوەی ناوێک لەخۆی بنێ هەموو ئەمانە دەگێڕێتەوە. ئەو هەموو شتێ دەزانێ، چیرۆکخوانێکی قژ ماش و برنجییە، لەوانەیە خودی کریشناش بێ.

لە کۆتایی ئەو ڕووداوانەی لێرەدا باسیان دەکەین، وێرانکردنی شاری دڤاراکا لە سیمای بێ بەزەیانەی داستانە شیعریەکەوە بەشێوەیەکی کاریگەرانە دەردەکەوێ و لای زۆر کەس دەبێتە مایەی تێ نەگەیشتن. لەبەر ئەوەی خودی کریشنا، ئاڤاتارای فیسیەو، ئەو کەسەی دەڵێ مرۆڤ خۆشبوێ، بەهۆی ئاماژەیەک کە هەر بەفەرمانی ئەو دەدرێ و هەر تەنها ئەو تێی دەگا، هەموو جەنگاوەرەکانی خۆی دەکوژێ. بۆچی؟ چلۆن؟ تۆ بڵێی شێتی باڵی بەسەر ئەو خواوەندە کێشابێ؟ داستانەکە ڕووبەڕووی هیچ جۆرە ئەگەرێکی لەم چەشنە نابێتەوە. کەواتە دەبێ بەدوای ڕێچکەی تردا بگەڕێن.

لە سەروو خواوەندەکانەوە، لەسەروو هەموو ئەو هێزە مەزنانەی دونیا بەڕێوەدەبەن زەمەنێک هەیە. دەبێ هەموو ئەو یاسا و

ڕێسایانەی پەیوەستن بەبوونەوە لەبەردەمی کرنوشبەرن و بەچۆکدابێن. بەڵام ئەمە لەبەر چ هۆیەک؟ کێ بڕیاری ئەمەی داوە؟ بۆ ئەم پرسیارانەش هیچ وەڵامێکمان نییە و هیچ نازانین. ئێمە لەنێو زەمەنێکدا دەژین ئەویش خول ئامێزە.cyclique هیچ شتێ تاکۆتایی درێژە ناکێشێ، هەموو شتێ دەس پێ دەکاتەوە. هەر بیرۆکەیەکش دەربارەی ئاشتییەکی جیهانگیر و تاهەتایی ئیلیزیۆنێکە و هیچی تر. لەم داستانە شیعرئامێزەدا، لەمیانەی بەسەرهاتەکانەوە پاڵەوانەکان نەژادی نیمچە خواوەندی خۆیان لەیاد دەکەن و لەنێو کێشەکانی سەر زەمین خوێناوی دەبن. ئەم داستانە بەم شێوەیە دەبێتە دژە یۆتۆبیایەک! هیچ جۆرە ئیدیاڵێک لە ئاسۆدا بەدیناکرێ. بەپێچەوانەوە دهارما، نیزامی گەردوون کە هەموان لێی بەرپرسیارین دەکرێ لە هەر چرکەساتێکدابێ بسڕێتەوە و بچێتە نێو بیرچوونەوەوە، تاریکی باڵ بەسەر جیهاندا بکێشێ.

دوای سی و شەش ساڵ لە بەختیارییەکی هێمن و ئارام، کە دوای قوربانیدانێکی زۆر بەدەس هاتبوو، دوای هەژدە ملیون کوژراو، بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ بچینە نێو خولی سیستەمی زەمەنەوە، کە سیستەمێکی تایبەتی هیندییە. هەموو شتێ ملکەچ دەکات لەبەردەم سوڕان و تێپەڕبوونی ئەو خولانە، تەنانەت خودی کریشناش.

یەکێ لە ڤیدا– کان دەڵێ؛ زەمەن پیر نابێ. بەڵام کریشنا لەگۆرانی بەختەوەراندا دەڵێ؛ من زەمەنێکم پیر بووم. نهێنییەکە لە نابەینی ئەو دوو ڕستەیەدا تۆمار دەبێ.

کەواتە قەتڵوعامی دڤاراکان دەکرێ بەم شێوەیە تێی بگەین، لەگەڵ



دەرکەوتنی ( کوتەکە ئاسنینەکە) یەکەم کەس کریشنایە نیشانەی دەرکەوتنی درک پێ دەکات، ئەو کوتەکەی ئاماژەیەکە بۆ لەناوبردنی میلەتەکەی خۆی و ئەوی کریشناش. زەمەن چووەتە ناو شارەوە و بەسەرکەوتوویی نەبێ مەحاڵە ناچێتە دەرەوە.

بەهەمان شێوە وەکو چۆن هەموو وزە و کارایی خۆی خستە گەڕ، وەکو نوێنەرێک چوو بۆ لای گۆڤاراکان بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئەو جەنگە بەرپاببێ، لەگەڵ ئەوەی پێشوەختیش دەیزانی ئەو هەوڵانەی بێ ئاکام دەبن، لە کۆتایشدا چی لە توانادا بێ دەیکات بۆئەوەی ئەو قەتڵوعامەی بانگەشەی کراوە دووربخاتەوە، لەگەڵ ئەوەش دڵنیابوو هەوڵەکانی بێ هودەدەبن. ئاوەها ئەو خۆبەخشە مەزنانەی ڕێکی دەخستن بەهەدەر دەچوون. لەبەرئەوەی هێزە وێرانکارییەکان بەرگری نەدەکران و ڕیشەیان چووبووە نێو قوڵایی دڵی مرۆڤەکانەوە.

ئێدی لەو کاتەدا، پێش ئەوەی خۆیشی لە دارستانەکە بمرێ، پێش ئەوەی بەدەستی ڕاوچییەکی ڕاگوزەر بکوژرێ شێتگیری باڵی بەسەردا دەدات و هەموو جەنگاوەرە نەبەردەکانی لەنێودەبات. بێ ئەوەی ئەوە لەیاد کەین، ئایا تەنها ئەو هۆیەیە دەبێتەمایەی ئەو قەتلوعامە. لەبەر ئەو هۆیەیە ئەو جیهانەی وێرانی دەکات، بانگەشەی بۆ دەکرێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لەنێو خولێکی تری زەمەندا، پاش نوستنێکی دوور و درێژی ڤیشینو لەدایک بێتەوە!

ئایا زۆر عەقڵانییە ئەو کارە،( بەبڕوای ئێمە) هەڵسوکەوتێکی تۆقێنەر و شێتگیرانەی وەها کە هەموو شرۆڤەیک وەلاوەدەنێ تەنها بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زیندوو، بەبێ هیچ جۆرە چاوپۆشینێک، بۆئەوەی

ئەو هێزە تاریکانەی بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین لەناخماندا جێگیر بوون پێشان بدەن. بەڵام ئەو شاکارانەی لە چەشنی مەهاباهاراتادان زۆر دەگمەنن، ئاوێنەیەکی هێندە ڕاست ودروستی ئەو سکاڵا و پرۆتۆستانەمان پێشکەش دەکەن کە هەندێ جار حەزدەکەین خاو و نەرمیان کەینەوە و هەندێ جاریش تێکیان بشکێنین.

داستانی هەرە مەزنی هیندی، شاکاری گەورەی جیهان هەروەکو خۆی خۆی نمایش دەکات، خوێندنەوەی گشت هەڵەکان دەشواتەوە و هەندێ جار ڕاستیان دەکاتەوە، لە نێو هەزارەها لاپەڕەوە، لە قوڵایی بیر و هزری هیندییەوە، پێمان دەڵێ: تۆ ئەوەیت!

جان کلۆد کارێر

ئەپرل/ ٢٠٠٣

پەراوێز

١– پانداڤاکان و گۆراڤاکان دوو گرووپن، ئامۆزای یەکن، لەسەر ئیمپراتۆرەتی دونیا دەبێتە شەڕیان.

٢– پانداڤاکان پێنج بران، یودیشتەیرای برا گەورە پاش ئەوەی هەمووان هەڵی دەبژێرن دەبێت بە پادشا. بەیم برای دووەم کەسێکی زۆر بەهێز و خاوەن هێزو بازوویەکی سەرسوڕهێنە. ئارجیون برای سێیەم چاکترین جەنگاوەری دونیایە. تیروکەوانێکی سیحراویی هەیە کە پێ دەوترێ گاندیڤا. دواجار ئەو دوو برایەی بەیەک سک لەدایکبوونە ناکیولا و سەهادڤا. پانداڤاکان بە هەموویان تاقە یەک ژنیان هەبووە بەناوی درۆپادیەوە.

٣– لەبەرەکەی تردا کۆراڤاکان دێن کە ژمارەیان سەد کەسە. دیریودهانای پادشا کە کەس ناتوانێ بیبەزێنێ سەرکردەیانە. پاشایەکی چاک و دادپەروەرە، ئاواتەکانی بۆ ئەودیو سنوری هێز و تواناکانی هانی دەدەن. بەفریوی دیوشازانای برای کە ڕۆحێکی نەفرەتلێکراو و شەڕانگیزە ئەو شەڕە دەکات. ئەمانە هەموویان کوڕی گاندهاری شاژنن، کە شووی کردووە بە پاشایەکی



کوێر و هەمیشە پەڕۆیەکی ڕەشی پێچاوە بەچاوەکانییەوە.

٤– دێتاکان و یاکشاکان و گانهارڤاکا و ئەپساراکان و راکشاشاکان و ناگاکان جۆرێکن لە بوونەوەری ئەفسانەیی، نیوە مرۆ و نیوە خواوەند و نیوە دێوەزمەن. بەهۆی گانهارڤاکان و ئەسپاراکانەوە کارەکانی نێوان زەوی و ئاسمان بەڕێوەدەچن. ناگاکان بوونەوەرگەلێکی نیوە خشۆک و نیوە مرۆیین و لەنێو کۆشک و تەلاری زۆر فراواندا لەژێر زەوی یان لەژێر ئاودا دەژین. لە مەهاراباهاراتادا ئارجیونا چیرۆکێکی کورتی عیشقبازی لەگەڵ شاژنی ناگاکاندا هەیە.

٥– ڕاکشاشاکان بوونەوەرێکی زیاتر ترسێنەرن و گۆشت و خوێنی مرۆڤ دەخۆن و بەگشتی لە دارستانەکاندا دەژین. لە یەکێ لە ڕاشاشاکان بەیما کوڕێکی خستووەتەوە کە ناوی گهاتۆتکاتچایە و لە شەڕەکەدا دەکوژرێ.

٦– دهارما ئەم وشەیە لەنێو قووڵایی هزری هیندیدایە. ئەم وشەیە لەیەک کاتدا بەمانای یاسا و ڕێساکانی گەردوون دێ و هەروەها بەمانای یاسا و ڕێساکانی هەر یەک لەخودی تاکەکەس، کەدەبێ بناسرێن و ڕێزیان لێ بگیرێ. ڕەسەنایەتیی هزری هیندی داوا دەکات هاوگونجانێک لە نێوان دهارمای تاکەکەس و دهارمای گەردوون پێک بهێنێ. ئەگەر مرۆڤ ڕێز لە دهارماکانی خودی خۆی نەگرێ یاسا و ڕێساکانی گەردوون دەخاتە مەترسییەوە.

٧– هاستیناپورا پایتەختی مەملەکەتەکەیە. دوای شەڕەکە لەوێ بۆ ماوەی سی و شەش ساڵ یودیشتیەیرا حوکم دەکا.

٨– ڤییازا ئەو شاعیرەیە کە مەهاباهاراتای نووسیووە و بۆ ئەوەی دهارما لە نێو دڵ و دەروونی مرۆڤدا بچەسپێنێ.

# مەرگی کریشنا

دوای ڕۆژێک لەکۆتایی جەنگ، خۆر بەسەر هەژدە ملیۆن لاشەدا هەڵهات، چەقەڵ و داڵ لەنێو خۆیان شەڕیان بوو لەسەر گۆشتی مردوو، زەوی بۆنی مەرگی لێ هەڵدەستا، جوانی و قەشەنگیی قارەمانەکان لە نابەینی دەم و لمۆزی ئاژەڵەکانەوە و ندەبوون.

پانداڤاکان پێنج برابوون، بەهۆی یارمەتی و کۆمەکی کریشنای هاوڕێیان توانییان سەرکەوتن بەدەس بێنن. یودەیشتیرای براگەورە، دواجار ئامادەیی پێشان دا ببێ بە پادشا، بەپاڵپشتی هەر یەک لە براکانی، ئارجیونا چاکترین جەنگاوەری دونیا، بەیما بەهێزترین جەنگاوەر، هەروەها دوو برا جمکەکەی ناکیولا و ساهادڤا. بەڵام ئەمانە تا دوا ڕۆژی تەمەنیان بە وەچاخکوێری مانەوە.

لەبەرەکەی تردا، لای کۆراڤاکانی ئامۆزایان، هەموو کوژران و تیاچوون. سەرەتا ژنان، بەهەزارەها بەهەڵەداوان کەوتنەگەڕان بەدوای مێردەکانیان، بەدوای کوڕەکانیان، بەڵام ئەو کوشتارە یەک تاقە کوڕی بۆ نەهێشتنەوە. ئیتر دەیانزانی دەبێ بەبێ کوڕ و منداڵ پیر و زەلیل بن.



گاندهارای شاژن، دایکی کۆراڤاکان کە لەیەکەم ڕۆژی شووکردنییەوە چاوەکانی بە پەڕۆیەکی ڕەش بەستبووە، بەنێو مەیدانی شەڕەکەدا دەگەڕا. دەستی دەکوتی و دەستی دەهێنا بەسەر لاشەی یەک بەیەکی سەد کوڕەکەی. لە پڕێکدا گوێی لەدەنگی کریشنا بوو. ناسییەوە و زانی ئەوە ئەوە لەوێ. هەموو جەستەی لە تووڕەییدا هاتبووە لەرزین. دەستێکی بەرەو ڕووی درێژ کرد و، وتەکانی لەزارهاتنەدەر. هەموو وەکو ئەوەی گوێبیستی دەنگێک بن لە جەهەنەمەوە قسە بکات.

-: کریشنا تۆ بووی بەلایەنگر لەم شەڕەدا، بەو چەکانەوە کە لە هەموو چەکەکانی تر قورسترببوون. شادمان و کەیفخۆش بوویت بەکوێرەوەرییەکانمان، تەماشای مەرگی کوڕەکانم کرد وەکو ئەوەی سەیری نمایشێ بکەم. کریشنا من تۆ بە نەعلەت دەکەم. ڕۆژێک دێت هەموو ئەوەی هەڵتچنیوون دادەڕمێن، هاوڕێکانت بەدەستی خۆیان یەکتر سەردەبڕن. خوێن بەسەر دیواری شارە مردووەکەتدا وشک دەبێتەوە، کە ئیتر داڵ وسیسارکە کەچەڵە بەهەموو کونوقوژبنێکیدا بڵاودەبنەوە، تۆش تێک دەشکێیت و قڵ پدەبیەوە و نەناسراوێک دێت و دەتکوژێ.

-: بەڵێ گاندهاری ئەمە ڕاستە، ئەوەی بینیتن ڕاستە. دەزانم هەموو ئەمانە بەئاکام دەگەن. بەڵام هیچ نەبێ ڕوناکییەک ڕزگارکرا، هەرچەندە تۆ نایبینی.

ئیدی کریشنا بڕیاری دا مۆڵەت لەپانداڤاکان وەربگرێ و بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، بۆ دڤاراکا.

-: چاک گوێم لێ گرە... ئۆو.. بهاراتا: کاتێک دوور دەکەوتەوە کزە بایەک فووی دەکرد بە بەرپێی گالیسکەکەی کە هەر چی تەپوتۆزی ڕێگا هەبوو ڕای دەماڵی. لە ئاسمانیشەوە نەرمە بارانێک نم نم و فێنک لەگەڵ چەپکە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەبارین. ئیتر هێدی هێدی لەنێو ئاسۆدا ون بوو.

لەنێو سەحرادا چاوی دەکەوێت بە سۆفییەکی گەلێ مەزن کە پێی دەڵێن یوتانکا. کە خاوەنی توانایەکی بێوێنە و سەرسوڕمێنە.

کریشنا تا ئاستی زەوی دەچەمێتەوە و سەری دادەنەوێنێ و پێی دەڵێ: حاڵ و ئەحوالت چۆنە؟ تۆ ئەی گەورەترین سۆفیی ئەم دونیایە.

-: ئەی حاڵ و ئەحوالی تۆ؟ یوتانکا وەڵامی دەداتەوە. ئەی تۆ ئەو کەسەی کە وەکو باڵوێزێک چوویت بۆلای کۆراڤاکان، توانیت ئاشتی و لێبووردن لە نێوان پانداڤاکان و ئامۆزاکانیان بەقەرارکەیت؟ ئەو پاشا نازدارانە دەبێ ئێستا چۆنی تامی بەختەوەری بکەن پاش ئەوەی تۆ توانیت ئاشتییان بۆ فەرهام بکەیتەوە؟ من هەمیشە بڕوام بەتۆ هەبووە و بابزانم ئەو بڕوایە ئامانجاکانی هاتوونەتەدی؟

-: بۆ تۆ ئاگادارنیت؟ کریشنا پێی دەڵێ.

-: ئاگاداری چی بم؟

-: ئەی تووشی شەڕبووین، شەڕێکی گەورە و گران. نەخێر وەکو باڵوێزیک نەگەیشتم بە هیچ ئەنجامێک. هەموو هەوڵێکم دا بەڵام کۆراڤاکان گوێیان لێ نەگرتم. لە دۆزەخی شەڕێکی خوێناویدا



بوون بەمیوانی مەرگ. هەزاران پاشا لەسەر زەوی کەوتوبوون و بووبوونە قوربانیی چەکە تۆقێنەرەکان.

-: ئەی تۆ نەتتوانی ڕێگا لەو کوشتارە بگری؟ نەتوانی پارێزگاریی کۆراڤاکان بکەی کە خزم و کەسی خۆتن؟ ئەی دەبێ چ شتێ لە دڵی تۆدا ئازیز بێ؟ پانداڤاکانت هەڵبژارد، ئەوانت بە چاکتر زانی؟

-: نەژیری، نەکارکردن، نەهێز و توانای بیر و هۆش ناتوانن قەدەر بگۆڕن. یوتانکا تۆ دەبێ ئەمە باش بزانی.

-: شێتی و هارییەک دەستیان بەسەردا گرتووم کە دەتوانن بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بن. هەر ئێستا تۆ بە نەعلەت دەکەم. بەڵێ تۆ بەنەعلەت دەکەم، هەر لەم جێگایەش!

-: بوەستە، تۆ ئەی ئەو کەسەی لە ڕەچەڵەکی بریگەوی، چۆن وا دەڵێی. من لەو شەڕە گەورە و فراوانەدا لە پێش هیچ شتێک سڵم نەکردەوە و پاشەکشەم نەکرد. ئەوەی توانیم و لە دەسەڵاتمدابوو کردم. دەزانم تۆ سۆفییەکی گەورەیت و توانایەکی فراوانت هەیە. بەڵام ئەگەر بە نەعلەتت کردم، شتێ کە تۆ لێی بێ ئاگایت ئەوەیە کە ئەو نەعلەتە خێرا بەڕووی خۆتدا دەگەڕێتەوە. گوێ بگرە بزانە چیت پێ دەڵێم.

-: گوێم لێتە، بەڵام زوو قسە بکە. سۆفی وەڵامی دەداتەوە.

-: ئۆو یوتانکا دەبێ بزانی کە هەموو ئەفریندەکان وان لەناو مندان و من لە ناو گشت ئەفریندەکاندام. دێتیا کان، یاکشاکان، گەندهارفاکان، ڕاکشاشاکان، ناگاکان، ئەپساراکان، هەموو

ئەمانە لە منەوە هەڵقوڵاون. ئەوەی بوونی هەیە و ئەوەی بوونی نییە. ئەوەی دەرکەوتووە و ئەوی دەرنەکەوتووە. ئەوەی لەنێو دەبرێ و ئەوەی ناتوانرێ لە نێو ببرێ، هەموو ئەمانە سەرچاوەکانیان لەناو مندان. ئەوەی هەیە و ئەوەی نییە، ئەوانەی دەتوانن زاڵ بن بەسەر بووندا و بەسەر نەبووندا و تێیان پەڕێن. هەموو ئەوانەی ئەم گەردوونە پێک دەهێنن. هەموویان لە منەوە سەرچاوە دەگرن. هیچ شتێک نە لە سەرووی منەوەیە و نەلە خوارووی منەوەیە. هەر هەموویان بەمنەوە هەڵواسراون، وەکو چۆن دەنکە مرواریییەکان بەپەتێکەوە هەڵدەواسرێن. منم بناغە و منم ڕوخێنەری هەموو شتەکان. منم قوربانیدەر و هەر منم قوربانیخواز. من ئاهەنگ و سروشەکانم، من کردارە پیرۆزەکانم. چاک بیزانە دهارما ڕۆحی منە و جەوهەر و مەبەستی ئەویش بەزەیی هاتنە بە گشت ئەفریندەکان. بەردەوام خۆ دەگۆڕم، لەنێو ئەو سک و ڕەحمانەی لە ئەژماردن نایەن لە دایک دەبم. بۆ ئەوەی پشتگیری بکەم لەو مناڵەی کە لە منە، پارێزگاری لە دادپەروەری دەکەم و لە هەمان کاتیشدا بەرقەراری دەکەم.

ئۆو.. یوتانکا، کاتێ لەنێو یاسا وڕێسای خواوەندەکاندا دەژیم، لەنێو هەموو شتەکاندا، وەکو خواوەندێک دەجوڵێمەوە. کاتێ لە دێوەزمەیەکدا بەرجەستەدەبم، وەکو دێوودرنج هەڵسوکەوت دەکەم. کاتێکیش لە مارێکدا بەرجەستەدەبم هەر وەکو مار دەجوڵێمەوە. ئێستاش کە لە نێو مرۆڤدا لە دایک بووم وەکو مرۆڤ نەبێ ناتوانم وەکو شتێکی تر مامەڵە بکەم. فەرموو، ئەوەی دەبوو پێت بڵێم،



ئێستا پێم وتی. یوتانکا لە بەردەم کریشنادا کڕنووش دەبات.

-: دەزانم تۆ کێیت. گشت زانیارییەکانم، وجودم لە تۆوە دێن. ئێستا دڵم لێوانلێوە لە ئارامی. لە نەعلەتکردن پاشگەز دەبمەوە. بەڵام ئەگەر شایستەی بچوکترین چاکەبم ، ئۆو کریشنا داوات لێ دەکەم ڕوخسارە گەردوونییەکەتم پێشان بدە.

ئینجا پاڵەوانی چوار باسک، کە چاوەکانی بە گوڵی (lotus) دەچوون داواکارییەکەی قبوڵ کرد. لەوێ، لەو سەحرایە ڕوخسارە گەردوونییەکەی دەرخست. یوتانکا توانی لێی ڕامێنێ، وەکو چۆن پێشتر ئارجیونا لە سەرەتای شەڕەکەدا لێی ڕاما. ئەو ڕوخسارە بە ئاگرێک دەچوو هەزار خۆری لە ئاوێزان گرتبێ. بەشێوەیەک لەپێش یوتانکا وەستا بوو کە هەموو پانتایی دونیای داگیرکردبوو.

-: لەبەر پێتدا بەچۆکدادێم. ئەی ڕۆحی گەردوون، باوکی هەموو شتەکان. بینراوێکی پەرجوو ڕەها و یەکەمینە، ئەو ڕوخسارەی دەچێتە نێو هەموو شتێکی جوان و قەشەنگ و بێ کۆتایی، وەکو ئەوەیە هەزار خۆر لە ئاسماندا هەڵبێ. بەقاچەکانت زەوی دادەپۆشی و قوبەی ئاسمانیش بەکەللە سەرت پڕدەکەیتەوە. ئەوەی دەکەوێتە نابەینی زەوی و ئاسمانیش سکت پڕی دەکاتەوە. ئەو هەزار باسکەت دەگەنە هەموو کونوقوژبنێ. لە تۆدا گشت ئەفرێندراوەکان دەبینم، بێدەنگی دەبینم، ڕووناکی دەبینم، ژیان و مردن دەبینم، تێپەڕبوونی کات دەبینم، تێپەڕبوونێک کە جێگای تێگەیشتن نییە، هەموو جیهان لە یەک خاڵدا دەبینم. سەرسامم. کریشنا تکات لێ دەکەم شکڵە مرۆییەکەت وەبەرخۆت بنێوە.

ئینجا کریشنا دەبێتەوە بە پیاوێک و دەڵێ:

-: دەمەوێ چاکەیەکت لەگەڵدا بکەم، لەبەر ئەوەی پێشاندانی ڕوخسارە گەردوونییەکەم دەبێ بەرهەمبەخش بێ. بڵێ با بزانم ئارەزوو لە چی دەکەی؟

-: هەرکاتێک تینووبم دەمەوێ ئاو هەبێ، چونکە لەم سەحرایەدا ئاو زۆر دەگمەنە.

-: هەچ کاتێک تینوبووی بانگهێشتنم بکە دەسبەجێ تینوێتیت دەشکێ.

ئێدی کریشنا ملی ڕێگای دڤاراکا دەگرێتەوە بەر و دەڕوا.

یوتانکا لەو سەحرایەدا درێژە بەژیان دەدات. ڕۆژێک لە تینوێتیدا گەرووی وشک دەبێ. بانگ لە کریشنا دەکات.

دەسبەجێ گوێی لە غەڵبەغەڵبێکی سەیر و نامۆ دەبێت. دەڕوانێ وا ڕاوچییەکی نیوەڕووتی تووکن، لە ڕەسەنێکی زۆر نزم، زۆر پیس و چڵکن، ئارەق هەموو لەشی داپۆشیوە و تف و لیک بە لادەمیدا دەچۆڕێ و پەتی ملی سەگە هەڵەوەڕەکەشی تێوە ئالاوە، لەبەردەمیدا قووت دەبێتەوە. ئەو پیاوە لە یوتانکا نزیک دەبێتەوە و زەکەری زلی بەدەستەوە دەگرێ و دەس بەمیزکردن دەکات.

-: وەرە یوتانکا بخۆرەوە. ئەم شەرابە پیرۆزەی بەلێشاو لە منەوە دێتەدەر بخۆرەوە، ئەزانم تینووی.

-: چۆن چۆن؟ میزەکەتم پێشکەش دەکەی؟ بە من؟

یوتانکا لێی قەدەغەکرابوو قایل بێ هەر شتێک لەیەکێکی ڕەچەڵەک



نزم وەربگرێ. قاچەکانی کوتین بەزەویدا و دەست یکرد بەجنێودانێ نەبیسترابێ. ڕاوچییەکەش دایە قاقای پێکەنین و لەبەرچاوی بزربوو. پەتی ملی سەگە هەڵەوەڕەکەشی هەر تێ ئالابوو.

قورگی وەکو پشکۆ سوور هەڵگەڕابوو. خۆی ئامادە کردبوو بڕوات، لە پڕێکدا، لەوێ لە بەردەمی خۆیدا، کریشنای بینی کە پڕ بەخۆی پێ دەکەنی.

-: چۆن لەدەستهات بەو جۆرە پەیمانەکەت بشکێنی؟ ئەو جانەوەرە پیس و چەپەڵە بنێری و بەو چەشنە گاڵتەم پێ بکەی؟

-: تۆ متمانەت بەمن نەبوو. ئەو ڕاوچییییە من بووم، ئەو ئاوەی پێشکەشم کردی بریتی بوو لە شەرابی نەمری. تۆ دەرتکردم، دەستت نا بەڕوومەوە. تۆ لەوە تێ ناگەیت کە سۆفی دەبێ هەندێ جار خۆ بخاتە سەرووی یاسا و ڕێساکانییەوە. سۆفێتێکەت بووە ڕێگر لەبەر دەمت. ماڵئاوا یوتانکا.

لەپێش ڕوخساری داماو و مات و مەلوولی سۆفیدا کریشنا دیسان هاتە زمان:

-: لەگەڵ ئەوەش دەمەوێ جارێکی تریش یارمەتیت بدەمەوە. بڕۆ هەرگیز ئازاری تینوێتی ناکێشی، پەیمانت دەدەمێ.

کریشنا دوورکەوتەوە و یوتانکای لەنێو غەم و وپەژارەدا جێ هێشت. یوتانکا دەیزانی فرسەتێکی دانسقەی لەدەس چووە. لەگەڵ ئەوەش بەردەوام لە هەموو جێگایەک کۆمەڵێ هەوری ڕەشی قورس و گرانی بەدواوەبوون، هەچ کاتێک حەزی بکردایە بارانیان پێ دەبەخشی.

پێیـان دەوترا ( هەورەکانی یوتانکا) و خەڵکی لە خۆشـیدا هاواریان دەکرد هەچ کاتێک لە ئاسمانی سەحرا دەربکەوتنایە.

***

تەمەن باڵی گرانی خۆی بەسەردا دابوو. پیری و کەنەفتی ئاوێزانی بووبوون. قژوڕیشی تەواو سپی بوون. بەئاستەم دەیتوانی ڕێ بکات. بەتەنها لەسەر گەلا و لاسکی سەوزە دەژیا. وەکو دەرزی باریک بووبوو. ڕۆژێک کە خەریکی بارەدارێک بوو لە کۆڵی بنێ، بۆی هەڵنەگیرا و بەسەر زەویەکەدا کەوت. لەبەردەم بێ هێزی و لاوازییەکەیدا چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک. هەر بەڕاکشاوی بەسەر زەویەکەوە مایەوە کاتێک لە پڕێکدا کچەکەی کریشنا پەیدابوو. چاوەکانی وەکو گوڵەباخ بوون، نێوقەد خڕ و خەپە و گۆشتن، بەبەزەیەوە لە سۆفیی داماو ڕامابوو. بەشێنەیی چنگی گرتەوە بۆ فرمێسکەکانی.

-: ئای ئەو فرمێسکانەت چەند گرانن، ئەوەندە قورسن دەسەکانم ناتوانن هەڵیان بگرن. بەهاوار هاوار دەستەکانی شل بوون و فرمێسکەکان کەوتنە سەر زەوی. زەویش شەق بوو دەمی کردەوە و لە ژێر باری گرانی فرمێسکەکان کەوتە هاوار هاوار و لەتاو ئازار دەینالاند.

-: فریام کەون، یارمەتیم دەن ناتوانم ئەم فرمێسکانە هەڵبگرم.

ئێدی کریشنا دڵی بەزەیی تێزا و خێرا گەیشتەجێ.

-: یوتانکا چی ڕووی داوە؟ بۆچ هێندە غەمبار و دڵگرانیت؟



فرمێسکەکانت بۆ ئەوەندە قورسن؟ پێیان نەوتم لەم سەحرایە چیت بەسەرهاتووە و وا بەجێ ماوی. تکات لێ دەکەم، تۆ ئەی گەورەی سۆفییەکان، ئەم چاکەیەم لێ قبووڵ کە. ئێدی (براهمان) یکی گەنجی شازدە ساڵ بەجوانییەکی سەرسوڕهێنەوە لە جێگای سۆفیی پیر بەپێوە وەستا. یوتانکا گۆڕا و جەستە پیرەکەی لەو پانتاییەدا توایەوە و دیار نەما.

-: یوتانکا بڕوانە خۆت، سەرلەنوێ گەج بوویتەوە. کچەکەم، گەوهەری نێو گەوهەران، ببە و بیکە بەژنی خۆت. هیچ ئافرەتێکی تری ئەم دنیایە ناتوانێ وەڵامی وزەی بێ پایانی تۆ بداتەوە.

ئینجا یوتانکا دەچێت بۆ لای ژنە تازەکەی.

-: ئۆو.. ئەی ئەهالییە، دەبێ زۆر سوپاسگوزاری ئەو چاکەکارەبم کە تۆی بەمن بەخشی. بڵێ دەتوانم چ دیارییەکت پێشکەش بکەم. دەتوانم چیت بۆ بکەم، گەر زۆر دژوار و گرانیش بێ، ئەو کارەی تۆ پێمی بسپێری، بەوپەڕی دڵخۆشییەوە جێبەجێی دەکەم.

-: نا هیچ ناخوازم. زۆر شادمانم بە تۆ، براهمان، تۆ گەنجی و جوانی و قۆزی، پێویستم بەهیچ شتێک نییە.

بەڵام یوتانکا وازی نەهێنا، هەر سوربوو لەسەر داواکەی، هەر پێی دادەگرت.

-: باشە، گوارە ئاسمانییەکانم بۆ بێنە کە ژنی شاسۆداسا، شاژنی مەملەکەتی مادایانتی زۆر بە وریاییەوە شاردونییەوە و هەڵی گرتوون. بڕۆ ئەو گوارانەم بۆ بێنە بەدیاری.

-: وەک چۆن ئارەزوو دەکەی با وابێ. هەر ئێستا.

یوتانکا دەسبەجێ ڕۆیشت بەدوای گوارە ئاسمانییەکاندا بگەڕێ. ئەگاتە لای سۆداسای پاشا. بەلام ئەم پاشایە ئۆو.. بهاراتا.. وەکو نەفرەتی لێ کرابوو ئیتر لەسەر گۆشتی مرۆڤ دەژیا. بووبوو بەکانیبال. یوتانکا ڕێک بەپێوە وەستا، بێ ئەوەی هەست بە هیچ جۆرە ترسێک بکات. لەبەردەم ئەم پاشا کانیبالەی ڕیشی درێژی خەڵتانی خوێنی قوربانییەکانی بووبوو. پاشا لەگەڵ هەر هەناسەدانێکیدا وەکو یامای دووەم، خواوەندی مەرگ، ترس و سامناکیی بلاو دەکردەوە. بەخێرهاتنی یوتانکای کرد.

-: چ شانسێکی گەورەم هەیە، کە لەم کاتەدا دێیت و خۆتم پێ دەناسێنێ، لە شەشەم سەعاتی ڕۆژدا، کە ڕێک کاتی نانخواردنمە.

-: ئۆو پاشای مەزن، من هاتووم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی داواکاریی سەرۆکەکەم، کریشانای مەزن، جێبەجێ بکەم. دەڵێن ئەو کەسەی بیەوێ دڵی گەورەکەی ڕازی بکات هیچی بەسەر نایەت وە هیچی خراپی لێ ناقەومێ. تکات لێ دەکە م کۆسپ مەخەرە ڕێگام.

-: براهمانی لاوو دلبەر، وەها بڕاوەتەوە کە دەبێ لە هەر شەشەم سەعاتێکی ڕۆژدا نان بخۆم. ئێستاش برسیمە و ناتوانم ڕێت بدەم بڕۆیت.

-: لێم گەڕی جارێ فرمانەکەم جێبەجێ بکەم. سبەینێ لەهەمان سەعاتدا دەگەڕێمەوە بۆ لات. خۆت دەزانی کە ناتوانم و بۆ من نییە درۆ بکەم. ئەی پاشای مەزن، تۆ کە زۆر میهرەبانیت، تکات لێ





دەکەم داواکارییەکەم قبووڵ بکە. لەبەر خاتری کریشنا، بالادەسترین مرۆڤ. تکا دەکەم کە ئەو دیارییەم بدەیتێ کە داوای دەکەم.

-: ئەو شتەی داوای دەکەیت ئەگەر بتوانێ لە نێو دەستەکانتدا جێگای ببێتەوە و ئینجا منیش ئەو کەسە بم کە بتوانێ ئەو شتەت بداتێ، بڵێ با بزانم ئەوەچییە و پەیوەندی بەچییەوە هەیە.

-: هاتووم بۆ ئەوەی گوارە ئاسمانییەکانم دەسکەون کە لە لای ژنەکەتن.

-: ئەوانە هی ژنەکەمن، مادایانتی. هەر ئەو بەتەنها دەتوانێ ڕازی بێ بتداتێ. بڕۆ بۆ لای شاژن و لەلایەنی منەوە هەر ئەوەندەی پێی بڵێ ( بدە) بێ هیچ گومانێک دەیدات و داواکەت قبوڵ دەکات.

یوتانکا دەچێت بۆ لای مادایانتی شاژن و داوای گوارە ئاسمانییە بەهادارەکانی لێ دەکات و دەڵێ:

-: پاشا وتی بدە!

ئەو ئافرەتە گەلێک نازدار و جوان بوو، چاوە گەورەکانی پڕبوون لە خۆشەویستی. وەلامی دایەوە

-: یوتانکا تۆ کە لە هەموو سۆفییەکان جوانتر و دولبەرتری، لە هەموویان زیاتر گەنج و پاکتری، دەبێ بزانی ئەو گوارانە هەموو خواوەندەکان، هەموو براهماکان دەخوازن دەستیان کەوێ، بەلام لەهەر جێگایەک بکەونە سەر زەوی ناگاکان خێرا دەیدزن. ئەو کەسەی ئەو گوارانە بپۆشێ هەگیز نەبرسی دەبێ و نەتینوو دەبێ

و نه له هیچ شتێک دەترسێ. ئەگەر کەسێکی بچووک له گوێیان بکات بچووک دەبنەوه، ئەگەر کەسێکی گەورەش له گوێیان بکات گەورە دەبن. له هەر سێ جیهانەکەدا زۆر بەناوبانگن. یەک ئاماژەی تایبەتی لەلای مێردەکەمەوه بۆ بهێنه که بیسەلمێنێ درۆ ناکەیت دەسبەجێ ئەو گوارانەت دەدەمێ.

یوتانکا دەگەڕێتەوه بۆ لای سۆداسای پاشا. ئەمیش که سروشتێکی بەبەزەیی هەبوو دواجار، (مانترا)، نهێنییەکی پیرۆزی پێ دەسپێرێ که بەتەنها ئەم نهێنییه دەتوانێ ژنەکەی ڕازی بکات. یوتانکا نهێنییه سیحراوییەکه بۆ شاژن دەگێڕێتەوه و ئەویش گوارەکانی پێ دەبەخشێ.

یویانکا دەچێتەوه بۆ لای پاشا و ئەمیش بەڵێنەکەی وەبیر دێنێتەوه.

-: پاشاکان هەمیشه سۆفییەکانیان شکۆدار کردووه، هەر لەبەر ئەوەی یارمەتی مدایت. تۆ بوویت بەهاوڕێی من. ڕۆژێک ڕێزی برەهمانێکم نەگرت، بەر نەفرەت کەوتم. بۆیه بێ ویستی خۆم بووم به کانیبال. ئەو شتەی داوات کرد پێم بەخشیت. له بەرامبەردا، منیش داوات لێ دەکەم بەڵێنەکەت ببەیتەسەر.

-: له بیرمه پاشا له بیرمه. سبەینێ له شەشەم سەعاتی ڕۆژدا لەبەردەمت ئامادە دەبم. بەڵام پێش ئەوەی بەجێت بهێڵم پرسیارێک هەیه تووشی دڵەڕاوکێم دەکات دەمەوێ لێتی بکەم.

-: قسەبکه. وەڵامت دەدەمەوه و دوودڵیت دەڕەوێنمەوه.

-: کەمێک لەمەوبەر وتت ئێمه بووین بەهاوڕێ. پاشا، تۆ وەکو کانیبالێک داوام لێ دەکەیت بەڵێنەکەم ببەمەسەر، بەڵام ئەی وەکو هاوڕێیەک ئایا ئامۆژگاریم دەکەیت که سبەینێ بگەڕێمەوه خزمەت جەنابتان؟

-: وەکو هاوڕێ ئامۆژگاریت دەکەم که نەگەڕێیتەوه، ئەگەر ئاوها بکەی له مردن ڕزگارت دەبێ.

یوتانکا سوپاس و ماڵئاوایی کرد له پاشا و خێرا بەرەو دراڤاکا ڕێگای گەڕانەوەی گرتەبەر.

گواره بەهادارەکانی زۆر بەچاکی پێچابووەوه و له ناو کراسه ڕەشەکەی که له پێستی ئاسک دوورابوو شاردبوونەوه. بەڵام لەپڕێکدا برسێتی تینی بۆ هێنا. لەپێش ڕێگاکەیدا دارێکی میوەی مانگوی جوانی بینی. خێرا ڕادەوستێت و بەدارەکه هەڵدەگەڕێ، بۆ ئەوەی هەندێ لەو میوه ئاودارەی بخوات. لەکاتێکدا بەدارەکەدا هەڵدەزنا کراسەکەی دەکرێتەوه و گوارەبەهادارەکان دەکەونه خوارێ بۆ سەر زەوی. دەمودەست ناگایەک له شێوەی مارێکی گۆپا قەپیان پیادەکات و خۆی دەکابه کونی شاره مێرووولەیەکدا. یوتانکا بەپەله لەسەر دارەکەدا دێته خواره و، بەدارعەسای سۆفێتیەکەی لەبەردەم کونەکه دەس دەکات بەهەڵکەندنی زەوییەکه. لەداخا خەریک بوو دەتەقی. هەر زەوییەکەی هەڵدەکەند و هەڵدەکەند. دەیویست ڕێگایەک بکاتەوه و بیگەیەنێ به مەملەکەتی ناگاکان. خواوەندی زەوی لەوه زیاتر نەیتوانی ئارام بگرێ. لەوه زیاتر نەیتوانی تەحەمولی هێرشه شێتگیرییەکانی یوتانکا بکات. بانگهێشتی له ئەندا، شای خواوەندەکان، کرد، که له ئاسمانەوه بەگالیسکەکەی هاتەخوارێ بۆسەر زەوی.

–: تۆ بەخۆڕایی خۆت وەها شێتگیر کردووە. ئەو دارەی دەستت هێندە بە توانا نییە بتوانێ بتگەیەنێتە مەملەکەتی ناگاکان.

–: ئەگەر ئەو گوارانە نەدۆزمەوە لێرە لە پێش چاوی تۆ خۆم دەکوژم.

ئینجا ئەندرا چی هێزی جەنگارەرانەی خۆی هەبوو دەدات بەدار عەساکەی یوتانکا. ئەمیش بەهۆیەوە توانی بچێتە ناو مەملەکەتی ناگاکانەوە. ئۆو.. بهاراتا.. لە ڕاستیدا وڵاتێکی دڵفرێن بوو. دیواری پەرستگاکان نەخشێنرابوون بەبەردی بەنرخی هەزار و یەک ڕەنگ کە لە ئاڵتوونی ساغ دروست کرابوون. فوارە و حەوزی ئاوەکانی بەپلیکانەی کریستاڵی تەواو دەورە درابوون. ئاوێکی ڕۆشن و بێگەرد بەنێو چەم و ڕووبارەکانیدا خوڕەیان دەهات. هەزاران باڵندە بەسەر دار و درەختەکانی دەیانجریواند و گۆرانییان دەوت. ئاخۆ چۆن بتوانرێ ئەو گوارە بەهادارانە لەم جێگا سەیر و سەمەرەیەدا بدۆزرێنەوە!

لەم کاتەدا ئەسپێکی سپیی کلک ڕەش، کە سەر و کەللە و چاوەکانی لە ڕەنگی مس بوون وەدەر کەوت.

–: فووم لێ بکە! بەیوتانکای وت. گوارەکان دەدۆزیتەوە کە ناگاکان لێیان دزیوی. مەوەستە و دوودڵ مەبە کوڕەکەم، من گەورەی گەورەکانم، سەرۆکی سەرۆکەکانم، خواوەندی ئاگرم. بەپەلە ئەوە بکە کە پێت دەڵێم.

یوتانکا فەرمایشتەکەی بەجێ گەیاند. خواوەندی ئاگر ئاگرێکی سامناکی هەڵگیرساند، دووکەڵێکی ئەستوور ئاسمانی ڕەش



هەڵگەڕاند. زایەڵەی ترس و تۆقین لە گشت لایەک بەرز بووەوە. دیواری بەئاڵتوون نەخشێنراوی کۆشکەکان، بەردە بەنرخە هەزار ڕەنگەکان، گشت ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانە ون بوون و دیار نەمان. وەکو ئەوەی درەخت و گردەکان لەنێو دارستانێکی گەورە و فراواندا لووش بدرێن.

ناگاکان سەرلێشواو، چاوەکانیان لەنێو چەڕە دووکەڵ سوور هەڵگەڕابوون، گێژ و سەرسام، بێ توانا لە تێگەشتنی ئەو کارەساتەی بەسەریان هاتبوو، ئێدی تۆقی و تۆقی و مارەکان هاتن و لەبەردەم یوتانکادا کوڕنوشیان برد و، بەگوێرەی دەستوور، سەرەتا گەنجەکانیان لە ڕیزی پێشەوە و ئینجا پیرەکانیان لە ڕیزی دواوە وەستان.

–: باش بە لەگەڵمان سۆفی گیان، ڕێمان بدە پێیەکانت بشۆین. فەرموون گوارە ئاسمانییەکان وەربگرەوە کە بەهەڵە لێمان قەرزکردبووی.

یوتانکا سوپاسی خواوەندی ئاگری کرد کە بەغاردان لە بۆشایی ئاسماندا ڕۆیشت و دیارنەما. یوتانکا مۆڵەتی لە ناگاکان وەرگرت کە هەموو کەیف خۆشبوون بەڕۆیشتن و دوورکەوتنەوەی. ئینجا ڕێگای خۆی گرتەبەر و گەڕایەوە بۆلای کریشنا. گوارە ئاسمانییە بەهادارەکانی پێشکەش کرد بە ژنە گەنجەکەی و جارێکی تریش سوپاسی گەورەکەی کرد و ئێدی لە کۆتاییدا توانی چێژی ئازادی بکات.

***

سی و پێنج ساڵ بەئاشتی تێ پەڕی. لە سی و شەشەم ساڵدا ئەو ئافاتەی گاندهاری شاژن بانگەشەی کردبوو لە مەملەکەتی کریشنادا ڕووی دا. میلەتەکەی ڕووبەڕووی زەمەن و ساتە تێکشکێنەرەکانی بوونەوە.

ڕۆژێک لەو ساڵەدا، ژنێکی گەنج بێ ئەندازە جوان و نازدار هات بۆ دڤاراکا. لە ڕاستیدا ئەو سۆفییەیەک بوو لە ژێر ڕوخسارێکی سەرنج کێش و دڵفڕێندا خۆی شاردبووەوە.

-: هاتووم شوو بکەم. بەدوای مێردێکدا دەگەڕێم.

دەسبەجێ براهمایەک هاتەپێش و ئامادەبوو. ڕۆژێک دوای زەماوەند ژنەکە کوتەکێکی ئاسنین و گەورەی هەبوو. بەپەلە چوون کریشنایان ئاگادارکرد. ئەویش فریشنییەکان و ئەنداکاکان کە میلەتەکەیان پێک دەهێنا کۆکردەوە.

-: ئەو کوتەکە ئاسنینە لە نەفرەتکردنێکەوە هاتووەتە دونیاوە. دەبێتە مایەی تێکدان و تێکشکانمان. ئەگەر لە ژێر ئۆقیانووسەکانیش بینێژم لەژێر زەوییەوە دێتەدەرەوە و هەمووتان لەناو دەبات. منیش لە دارستانەکەدا نەناسراوێک دێت و کۆتایی بەژیانی سەر زەمینیم دێنێ.

فەرمان دەدات ئەو کوتەکە بهاڕن وردوخاشی کەن تا دەبێت بەتۆز و فڕێ دەنە قووڵایی دەریاوە. فرمانەکەیان بەجێ گەیاند. هەزاران کەس بەشداریی ئەو کارەیان کرد. پاش هەفتەیەک کارکردن و ماندووبوونێکی بێ وچان کوتەکە ئاسنینەیان کرد بەتۆزێکی زۆر ورد



و لە نێو ئۆقیانوسدا پەرشوبڵاو بەبایان دا.

باهۆزی وشک و بەهێز، شەپۆلی زیخ و چەو هەڵیان کرد و وڵاتەکەیان وێران کرد. تەمێکی تاریک بەری ئاسمانی گرت. چەم و ڕووبارەکان پێچەوانەی ڕێچکەکانیان ملیان نابوو. ئەستێرە کشاوەکان وەکو پارچە خەڵووز دەکەوتنە خوارێ.

لێشاوی جەستە مرۆییەکان بەری ئاسمانیان تاریک کردبوو.

بازنە ڕوناکییەکی سامناک دەوری خۆر و مانگیان دابوو.

زەمەن لەو کاتەدا شاری داگیرکرد. بێ پەروا بەکوچە و کۆڵانەکاندا لەژێر ڕوخساری کەسێکی تۆقێنەر دەسوڕایەوە. هەندێ جار دانیشتوان هەستیان پێ دەکرد، ئەویش لەمیانەی پەنجەرەکانیانەوە دەیخستنە ژێر چاودێرییەوە. هەزاران تیریان تێ دەگرت بەڵام هیچ کامی بەری نەدەکەوتن، لەبەرئەوەی ئەو لەوێرانکارێکی مەزن زیاتر هیچی ترنەبوو. قاپ و دەفرە گڵێنەیەکان بوون بەهەزار پارچەوە و وردوخاش بوون. شەوانە مشک و جرجەکان قژ و نینۆکی مرۆڤەکانیان دەکرۆژی، ژنەکان خەونیان دەبینی کە ئافرەتێکی سیما تاریکی ددان سپی جەرگ و هەناوی مێردەکانیان دەکۆڵێ و بزەبەسەر لێوانەوە بەشارەکەدا دەگەڕێ. داڵەکان لە کوچە و کۆڵانەکان نیشتەجێ بووبوون. بزنەکان وەکو چەقەڵ دەیانلووراند. هەزارەها باڵندە لەئاسمانەوە دابەزیبوون و لەلایەن مەرگەوە نێرابوون. هەموو سیمایان زەرد دەچووەوە و قاچەکانیان سووورباو بوون. بارگیرەکان فیل دەزان، سەگ پشیلەی دەخستەوە، مارخۆرەکان توولەماریان دەبوو. ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان لە شەقامە سەرەکییەکاندا دەنووستن. تاوان

بەشارەکەدا پیاسەی دەکردو خەڵکی جنێویان بە باب و باپیری خۆیان دەدا.

پاش ئەوەی هەموو ئەم ئاماژانەی بینین کە تێپەڕبوونی حەتمیی زەمەنیان دەسنیشان دەکرد، کریشنا ڕووی دەمی کردە میللەتەکەی و پێی وتن:

دەبێ خۆمان بۆ دوا قوربانیدان ئامادەکەین. لەو ڕۆژەشدا هەمووان بەکۆڕەوێکی پیرۆزەوە تاکو ئۆقیانوس دەڕۆین.

لە ڕۆژی دیاریکراودا، ئۆو.. بهاراتا، هەزاران بارەگۆشت و سەدان بەرمیلە شەرابی پیرۆز و دەیان سەبەتەی میوەی شیرین و سینی حەڵوا و شیرینی بەتام لە فیلەکان بار دەکەین. هەزاران ترومپێت وزورناش مۆسیقای خۆیان بژەنن و بەرەو دەریا دەکەوینە ڕێ.

لەو ڕۆژەدا، فریشنییەکان و ئەنداکاکان لەژێر کاریگەریی مەی و سەرخۆشیدا بەهەڵەدا چوون. ئەو خوان و خۆراکەی بۆ براهما پیرۆزەکان ئامادەکرابوون و دەبایە پێشکەشیان کرابا چوون هەموویان دا بە مەیموون و سەگەکان. زەمەنی بەدڕەفتار دابەزیبووە نێوانیان، مەی پەلکێشی نێو ونبوون و سەرلێشواویی کردبوون، قەدەر خستبوونییە نێو نابینایەوە. قاپ و سینیی قوربانییەکانیان تێک شکاند. یەک پەلاماری ئەوی تری دەدا و شتەکانیان دەکێشابەسەر سەری یەکتردا.

کریشنا کە ئەم بەزمە دەبینێ، دادەنەوێ و دەست دەبات پڕ بە چنگی چەپکێ گیا دەڕنێ کە دەسبەجێ لەنێو دەستیدا دەگۆڕێ بۆ



کوتەکێکی ئاسنین لە هێز و توانای بروسکدا بێ. لەڕاستیدا ئۆو.. بهاراتا، جەنگاوەرانیش هەریەکەیان چەپکێ گیای لێ کردەوە کە لەدەستیدا دەبوو بە کوتەکێکی ئاسنین. هەر چڵە گیایەکی ئەو زەوییە دەبوو بە چەکێکی هێندە بەبڕست دەیتوانی ئەو شتانەش ببڕێ و لەتوپەت کات کە چاونەی دەبینین. کوڕان دەسیان کرد بە کوشتنی باوکیان. باوکان کوڕەکانیان دەکوشت. فریشنییەکان و ئەنداکاکان ئەو جەنگاوەرە دلێر و نەبەزانە بوون کە هیچ هێزێک نەیدەتوانی دریان پێبەرێ کەچی ڕووبەڕووی تێکشکانێک بوونەوە وەکو مێش و مەگەز بەهەڵەداوان خۆیان فڕێ دەدایە نێو ئاگرەوە.

لەپێش چاوی ئەو جەنگاوەرانەی خەریکی یەکتر کوشتن بوون، تووڕەیی و شێتگیری باڵی بەسەر کریشنادا گرت. کوتەکە ئاسنینەکەی بەهەر چوار دەستە بەهێزەکانی ڕاوەشاند و ئیتر گشت میلەتەکەی لەنێو برد. هیچ کەسێکی نەهێشتەوە، هیچ کەس.

ئاوی دەریا زەویی کرد بەژێرەوە و لاشەی فریشنییەکان و ئەنداکاکانی داپۆشێ کە بەدەستی پاشای خۆیان کوژرابوون. ئەو پیاوەی چاوەکانی بەگوڵە مۆز دەچوون، کە خاوەن ئەقڵ و ژیرییەکی گەردوونی بوو، خاوەن پێستێکی درەوشاوە بوو، سەروەری هەموو دونیا بوو.

کریشنا تەنها و شەکەت بەرەو دارستانەکە بەڕێکەوت. لەسەر زەوییە ڕووتەکە دانیشت. کەوتە تێڕامان، خۆی بەرەو نێو خودی خۆی کێشایەوە، لە جیهانی دەرەوە دابڕا. ئەو ڕاستیی هەموو شتەکانی دەزانی. وتەکانی گاندهاری شاژنی بیرکەوتنەوە. لەگەڵ ئەوەی

خواوەندێکی فره پایه بڵند بوو بەڵام بڕیاریدا ڕێز لەو یاسا و ڕێسایانە بگرێ کە بەسەر هەر سێ جیهانەکە و ئافریندەکانیدا باڵادەستن. داماڵدراو لەخودی ماناکانی، لە وتەکانی، لە ڕووحی، لەسەر زەوییەکە پاڵ کەوت. ڕاوچییەک کە بەناو دارستانەکەدا دەگەڕا، هەردوو قاچی کریشناش کە، ڕاست و چەپ بەحەواوە بەرزی کردبوون و لە حاڵەتی یۆگاکردندابوو، لەبەرچاوی دەبن بە دووگوێی کەمتیارێک. تیرێکی تێ دەگرێ و بەری پێی کریشنا دەسمێ. کاتێک نزیک دەبێتەوە تەماشا دەکات پیاوێکی بریندار کردووە کە لەگەرمەی یۆگاکردندابوو. هەروەها دەشبینێ ئەو پیاوە کراسێکی زەردی لە بەردایە و چوار باسکی هەیە. خێرا بەچۆکدادێ و سەرتاپای دەبێت بەشەرمەزاری.

-: لەنێو تاریکی و لێڵیی دارستانەکەدا قاچەکانتم بە دوو گوێی کەمتیار هاتنەپێش چاو. ئۆو..کریشنا داوای لێبووردن دەکەم.

-: بەخۆڕایی خۆت ساغڵەت مەکە. تەواو دەمرم، چاکە..

-: چی؟ دەمری؟

-: بەڵێ بێگومان. وەکوو چۆن بۆ هەر ژیانێک سنوورێک کێشراوە، زەمەنش سنووری بۆ من دیاری کردووە.

***

پەیامنێرێک دێت بۆ لای پانداڤاکان و پێیان ڕادەگەیەنێ کە هاوڕێ خۆشەویستەکەیان، کریشنا، مردووە و گشت میللەتەکەشی لەکوشتارێکی مەزندا نەماون و لەنێو چوون. پێنج براکە، یودیشتیرای براگەورە، دووای ئەو بەیما، سێهەمیان ئارجیونا، ئەو قارەمانەی کە



خاوەن باسکێکی درێژ بوو، دوایی ناکیالا و سەهادی جمکەبرا، نەیاندەزانی چۆن بڕوا بەو هەواڵە بکەن. گێژ و سەرسامبوون، ملکەچ نیگایان بڕیبووە زەوییەکە،. دواجار یودیشترا داوای کرد ، ورد و درشتی ئەو ڕووداوەی بۆ باس بکەن کە بەسەر کریشنا و میللەتەکەیدا هاتبوو. ئێدی چیرۆکی کوشتارەکەیان بۆ گێڕایەوە.

دەسبەجێ ئارجیونا ڕێگای دڤاراکای گرتەبەر. بەچاوی خۆی ئەو شارە وێرانەی کە بەئافرەتێک دەچوو مێردەکەی لەدەسدابێ بینی. شانزەهەزار ئافرەتەکەی کریشنا، ئەوانەی گەورەی گەردوون مێردیان بوو ئێستا بێ پشت و پەنا مابوونەوە. هەر بەبینییان ئارجیونا چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک. دڵی نەدەهات تەماشای ئەو ژنانە بکات کە کوڕە هەرزەکارەکانیان بەدەورەوەبوو و لە کریشنا بێبەری بووبوون. سەرتاپای شارەکە گۆڕابوو بە ڕووبارێک لە دۆزەخ.

ئارجیونا شین و تازێکی گەورەی ڕێک خست.

بەپێی دابونەریت لاشەی هەموو ئەو جەنگاوەرانەی لە مەیدانی قوربانییەکەدا مردبوون، هەر کۆمەڵەی بەجیا و بەپێی تەمەنیان، کۆکرانەوە و هەموویانیان سوتاند.

لە حەوتەم ڕۆژدا بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆلای پەنداڤاکانی برای. هەموو ئافرەتەکانی کریشناش بەدوایەوە دەڕۆیشتن.

خزمەتکارەکانی ڤریشنیکان و پیر و بە ساڵاچووەکانیان و مناڵەکانیان، ئیدی هەموو خەڵک ڕێگایان گرتەبەر و لە هەردوو لاوە دەوری کەژاوەی بێوەژنەکانیان دابوو کە دەچوو بەرەو هاستیناپورا.

شازدە هەزار ژنەکەی کریشنا ڕێگای ئاوارەیی دەگرنەبەر، خۆدەخەنە نێو قوولایی دارستانێکی تاریک، دوای ئارجیونای چاودێر و پارێزەریان دەکەون، ئارجیونای هاوڕێی مێردەکانیان، ئارجیونای دلێر، ئەو جەنگاوەرەی کەس نەیدەتوانی شان لە شانی بدات.

کاتێک کەژاوەکە لەنێو ئاسۆدا لەبەرچاو بزربوو، دەریاکە پڕبوو لە تیمساح هوروژمی هێنا و هەموو شاری کردبە ژێرەوە. دەبوایە بەم شێوەیە کۆتایی بهاتبا.

کاتێک دەگەنە ولاتی (پێنج ڕووبار) ئارجیونا بڕیار دەدات بۆ شەو باروبنە لەوێ بخەن و لەوێ بمێننەوە. بەلام وێنەی ئەو بینراوە، ئەو هەموو ئافرەتانە بەتەنها لەگەڵ پیاوێک، لەگەڵ جەنگاوەرێک بەتیر و کەوانێکەوە تەماعی (دازیا)کانی بزواند. ئەوانەی بەدزە چاونەترسەکان و بەدڕەفتارەکان و چاوچنۆکەکان ناسرابوون. ئەو نەفس نزمانە بەچەکی دارەکانیان پەلاماری ئاپۆڕەی ژنەکانیان دا، زەمەن لەپشت ئەو کارەوە فریودەر بوو، خێرا پەلاماری فریشنیەکان و ئەنداکان دەدەن بۆئەوەی تالانیان کەن. ئارجیونا پڕ بڕوا لە ڕوویاندا دەوەستێ، تیروکەوانە ئەفسوناوییەکەی، کە پێی دەوترا، گاندیڤا ڕاوەشاند، ئەو تیر و کەوانەی هەڵەی قبووڵ نەدەکرد، کاتێ ویستی تیرێ بهاوێ کەچی نەهاتەدەست و ملی نەنا. ئارجیونا سەرسام بوو، لەو کارە تێ نەدەگەیشت، گاندیڤا ئەو تیروکەوانەی کە خواوەندی هەرە بەهێز و توانا ئاندرای باوکی پێ بەخشیبوو قەت خیانەتی لێ نەکردبوو. دەستی کرد بەدوعا و وێرد خوێندن. لە ناوەڕاستی دۆعا خوێندن و پاڕانەوەدا وەستا، دۆعاکەی بیرچوووە. شەرم تێکی



دەشکاند و هەوڵی دەدا ئەو ئافرەتانە بپارێزی، بەلام بەبەرچاوی ئەوەوە دزەکان ئەو ئافرەتانەیان دەیانرفاندن، کە هەندێکیان بێ دەسەلات هیچیان بۆ نەدەکرا، هەندێکی تریان لە خۆشیان ئەقڵیان لەدەس دابوو. ئیتر ئارجیونا کوڕی ئەندرای خواوەند بەداری تیر و کەوانەکەی کەوتە لێدانی دازیا بەدڕەفتارەکان. بەلام بۆی دەرکەوت کەوا قەدەر هەر خەریکی ئەنجامدانی کاری خۆیەتی. نەیدەتوانی لەوە زیاتر لە ڕوویاندا بووەستێ، ئیتر ئەوەی مابووبەوە لەو ئافرەتانە لەگەڵ پیر و منالەکان پێشی خۆی خستن و بەرەو هاستیناپورا ــــ پایتەختی پانداڤاکان کەوتە ڕێ.

ئارجیونا چاو بەفرمێسک چوو بۆ زیارەتی ڤییازای خواپەرست و گۆشەگیر، کە داستانی شیعری هەموو دونیای نووسیبوو. ڤییازا کەوتە پرسیارکردن لێی، وەها خۆی پێشاندا کە ئاگای لە هیچ نییە.

-: ئارجیونا چی لێ بەسەرهاتووە؟ سیمات بۆ غەمبارە؟ چی ڕووی داوە بە وردی بۆم بگێڕەوە.

-: ڕۆژگار سەرەو ژوور بووە، فریشنیەکان و ئانداکاکان کەوتنە وێزەی یەکتر و یەکتریان لەنێو برد. کریشنا هەموویانی کوشت. ڕاوچییەکیش لەدارستانەکە ئەوی کوشت.

ئارەزووی ژیانێک ناکەم لەم دونیایەی بێ بەریبێ لە کریشنا.

ئیتر ناتوانم ئەم ژیانە بگوزەرێنم. وەکو ئەوە وایە دەریایەک وشکی کردبێ یان کێوێک لە جێگای خۆی نەمابی و باری کردبێ. کاتێکدا ئافرەتەکانی کریشناشم بەرەو هاستیناپورا دەگواستەوە دزەکان

پەلاماریان داین. گاندیڤا، تیر و کەوانەکەم لێ ڕاوەشاندن بەڵام نەهاتە دەست و هێز و بازووی باسکەکانم وەکو جاران نەبوون.

ئەو پیاوەی خاوەن دڵێکی بێ ئەندازە فراوان بوو، فرە پڕ چەک و بەقەڵغان بوو، خاوەن چوار باسک و سیمایەکی تاریک و دوو چاو لە چەشنی پەڕەی گوڵ، ئەو کەسەی هێزو گوڕی دەنا بەبەر گالیسکەکەم، بەتینەوە لەشکری دوژمی دەسوتاند، ئیتر نایبینمەوە. هۆشم نەماوە و ئارام ناگرم. ئەو کەسەی پێش دەسپێکردنی شەڕەکە، کە پێی وتم، ئۆو.. ڤیبیازا، بیرم نایەتەوە چی پێ وتم، ئەوی خستمیە سەر ڕێگای ڕزگاری (خلاص)، ڕێگای کرداری ڕاست و بەجێ، بەڵام هیچم لە یاد نەماوە! ناتوانم بەبێ کریشنا بژیم، خەریکە ئەقڵم لەدەست دەدەم. ئۆو...ڤیبیازا تۆ پێم بڵێ.

دەبێ چی بکەم؟

-: زەمەن. ڤیبیازا وەڵامی دایەوە، ئەو جەوهەری هەموو دونیاوە و هەر ئەو تێکشکێنەریەتی. ئەوەی ئێستا بەهێزە دواتر لاواز دەبێ. ئەوەی ئێستا پاشایە دواتر دەبێتە نۆکەر. کاتی ئێوەش بەسەر چوو. ئارجیونا ئەرکەکانی تۆ تەواوبوون، بەئاکام گەیشتن. تۆش وەکو براکانت دەبێ بڕۆیت.

-: بەڵام ئەی کریشنا بۆچی بەو جۆرە جولایەوە؟ بۆچی مرد؟

-: کریشنا دەیتوانی نەهێڵێ ئەو کوشتارە ڕووبدات، ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوەی نەکرد. هەروەها ئێمە ناتوانین بزانین بۆچی ئەوەی نەکرد. لەگەڵ ئەوەش بیرت نەچێ لەکاتی ئەو جەنگە مەزنەدا



تەنانەت گژوگیاکانیش لە ترسا دەلەرزین. جەنگەکەی کریشنا لەوەی ئێوە مەزنتر بوو، هەموو ژیان لەبەر مەترسیدابوو. ئێستا پاش ئەوەی زەوی لەو بارەگرانە ڕزگار کرد جەستەکەی جێ هێشتووە و گەیشتووەتە ئەو مەملەکەتەی سەر و بنی نییە فراوانی بەهیچ شتێ ناپێورێ، بەتەنها بێدەنگی شایستەی ئەوە.

لەو ساتەوەی ئیدی یودیشتیرا وتەکانی ڤییازای پێگەیشتن گشت دوو دڵی و ڕاڕایەکانی ڕەوینەوە. براکانی کۆکردەوە و پێی وتن.

-: ئیدی ساتی ڕۆیشتنە. زەمەن هەموو بوونەوەرەکان دەخەملێنێ. هەموو ئەوانەی بۆ مردن خەملیوون، زەمەن ڕاویان دەکات.

ئارجیونا هاتە گۆ و وتی.

-: ئای زەمەن، ئای زەمەن!

**کۆتایی**